Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian. 207204

# ستراتیژی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا لە سەردەمی ئیدارەی پۆتیندا

## ( دەرفەت و ئاڵینگارییەکانی بەجەمسەربوونی نێودەوڵەتی )

**شمال حسين مصطفى ، محمد احمد مجيد**

زانکۆی سەلاحەددین

***Article Info***

Received: March, 2020

Revised: April, 2020

Accepted: April, 2020

***Keywords***

ڕیشەناسی، چاوگ، زمانە ئێرانییەکان، زمانی هیندۆئەورووپی

***Corresponding Author***

Shamal.mustafa@su.edu.krd

## پوختە

فیدراسیۆنی ڕوسیا بەو پێیەی کە میراتگری یەکێتی سۆڤیەتی جارانە، خاوەندارێتی کۆمەڵێک فاکتەری سیاسی، ئابووری، سەربازی و جیۆستراتیژیە. سەرباری ئەوەی کە ئەندامی هەمیشەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە. لە بنەڕەتدا ئەم توێژینەوەیە، هەوڵدەدات لیکۆڵینەوە و شیکاری لە بارەی گرنگترین ڕەگەز و بنەماکانی ستراتیژی سیاسەتی دەرەکی فیدراسۆنی ڕوسیا بکات لە دوای قۆناغی هەلوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤییەتی جاران، لە میانەی ئەو هەوڵ و پیکۆڵییە هەرێمی و نێودەوڵەتییانەی کە لە ئاراستە و هەڵویست و کردە سیاسییەکانی سیاسەتی دەرەکی ئەم دەوڵەتە لە هاوکیشە هەرێمی نێودەوڵەتییەکاندا دەردەکەون، وەک هەولێک بۆ دووبارە دروست کردنەوەی پێگەی جەمسەری نێودەوڵەتی. لەو چوارچێوە گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە ڕوسیا خاوەن کۆمەڵێک پێدراو و خاڵی بەهێزی سیاسی، ئابووری و سەربازییە کە وادەکات ڕۆڵێکی جیهانی کاریگەر ببینێت لە زۆربەی پرس و بابەتە سیاسییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا. لەگەل ئەوەشدا، ڕوسیا ڕووبەڕووی زۆرێک لە ئاڵینگاری ئەمنی، سیاسی و ئابووری دەبێتەوە، کە دەبنە هۆکارێک بۆ دروستبوونی کۆسپی گەورە لەبەردەم هێنانەدی ئەو ئامانجانەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پیکراوە. لەو نێوەندەشدا، ڕوسیا پەنایبردووە و دەبات بۆ گرێدانی کۆمەڵێک هاوپەیمانی لەسەر ئاستی هەرێمی و سەرووهەرێمی لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیدا.

## پێشەکیی

فیدراسیۆنی ڕوسیا وەک میراتگری یەکێتی سۆڤیەت خاوەن پێگەیەکی بەهێزی جیهانییە، ئەویش بەهۆی بوونی کۆمەڵێک فاکتەری وەک ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، بوونی چەکی ئەتۆمی، پیشەسازی و تەکنەلۆجیایی پیشکەوتوو، گرنگی پێگەی ستراتیژی و جیۆستراتیژی، پانتاییەکی جوگرافی بەرین، زۆری ژمارەی دانیشتوان و هتد. بۆیە، ڕوسیا وەک ناوەندێکی هێزی سیاسی و سەربازی گەورە ماوەتەوە لە نیو مەیدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا.

لە ماوەی جەنگی سارد، یەکێتی سۆڤیەت وەک ڕابەری بلۆکی ڕۆژهەڵاتی لە ململانێ و کێبڕکێیەکی جیهانیدا بوو لەگەڵ بلۆکی ڕۆژئاوایی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پیشەنگی بوو. بۆیە، وەک ئاشکرایە سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پیشوو، تایبەتمەندییەکی جیهانی لەخۆ گرتبوو، ئەویش بەو مانایەی کە لە گشت پرسە جیهانییەکاندا مامەڵە و هەڵویستی تایبەتی خۆی هەبوو. لەو چوارچێوەیەدا، سەیر نیە کە نوستالژی بەرپرسانی کریملین گەڕانەوە بێت بۆ پێگە و شکۆی لە دەستچووی یەکێتی سۆڤیەت و، هەوڵ بدەن هەمان ڕێچکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بگرنەبەر و بە ئاراستەی بەهێزکردنی هەژموونی جیهانی ڕوسیا، کە ئامانجە ستراتیژییەکان دەستەبەر بکات و ڕۆڵی جەمسەری نێودەوڵەتی گەرەنتی بکات.

## گرنگی توێژینەوە:

فیدراسیۆنی ڕوسیا لە مرۆدا بە دەوڵەتێکی کاریگەری سەر شانۆی نێودەوڵەتی دادەنرێت، کە لە بەشێک لە پرسە نێودەوڵەتییەکاندا بە یاریکەرێکی سەرەکی دەژمێردرێت و ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا. گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەو چوارچێوەیەدا دەبینێتەوە، کە دەیەوێت بە شێوەیەکی زانستییانە شرۆڤەی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە و، بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوە و، دەرفەت و بەربەستەکانی بەردەم بە جەمسەربوون یان بوون بە ناوەندێکی نێودەوڵەتی کاریگەر، بکات.

## ئامانجی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا بە تایبەتی لەدوای ساڵی 1991، بە جەخت کردنەوە لەسەر لایەن و ڕەهەندەکانی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا لەچەند تەوەرێکی سەرەکیدا، چۆنیەتی دروستکردنی، پرەنسیپ و بنەماکانی، ئامرازو و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی، ئاراستەو ڕۆڵەکانی، ئامانجە باڵاکانی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا. لە کۆتاییشدا گرنگترین ئالینگارییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا دەخەینە ڕوو.

## پرسیاری توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەماندا دوو پرسیاری سەرەکی دەوروژێنین کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ناوەرۆکی بابەتەکەمانەوە، ئەوانیش: ئایا گرنگترین فاکتەرە بەهێزکەرەکانی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟ ئەو بەربەست و ئالینگارییانە کامەنەن کە ڕووبەڕووی ئاراستەی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا دەبنەوە؟

## گریمانەی توێژینەوە :

ستراتیژییەتی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا لە ماوەی سەرۆکایەتییەکانی ڤلادیمیر پوتیندا

گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە. ڕوسیا لە ئێستادا بە یەکێک لە کارەکتەرە سیاسییە کاریگەرەکان دەژمێردرێت لە چەندین پرسی ناوچەیی و هەرێمیدا، لەوانە قەیرانی سیاسی سوریا. کۆمەڵێک هۆکار و فاکتەر هەن کە یارمەتی سەرکردایەتی سیاسی ڕوسیا دەدات لە گرتنەبەری سیاسەتێکی جیهانی بە ئاراستەی زیندووکردنەوەی ڕوسیا وەک دەوڵەتێکی خاوەن هەژموون و بوون بە ناوەندێکی بڕیار لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی، لەو چوارچێوەیەشدا ڕوسیا هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆی دەدات بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەو ڕێگەیەشەوە ڕووبەڕووی مەیلی فراوانخوازی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ناتۆ بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین بەربەست و ئاڵنگاری لەبەردەم ئامانجە ستراتیژییەکانی ڕوسیادا هەن بۆ بوونەوە بە جەمسەر و ناوەندێکی بڕیاری سیاسی جیهانی و، گێڕانەوەی ئەو ڕۆڵەی کە لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە، گێڕاویەتی.

## میتۆد و چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی وەها کە خۆی لە قەرەی سیاسەتی دەوڵەتێکی گەورە و خاوەن پێگەی هەرێمی نێودەوڵەتی دەدات، لە ڕاستیدا پێویستی بە سوود وەرگرتن لە چەندین میتۆدی زانستی هەیە، لە وانە مێژوویی شیکاری، کە پشتمان پێی بەستووە بۆ لێکدانەوەی ڕێڕەو و قۆناغەکانی هەڵکشانی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا لە دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤییەتی جاران. هەرچی سەبارەت بە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەش هەیە، ئەوا سوود لە بنەما و چەمکە بنەڕەتییە شیکارییەکانی تیۆری ریالیزم وەرگیراوە، بە تایبەتی هاوکیشەی وێنا و دارشتنی سیاسەتی دەرەکی و دەستنیشانکردنی چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵا نیشتمانییەکان لە ڕوانگە و چوارچێوەی هێزی نیشتمانی بەردەستەوە.

## پەیکەری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە خۆی سەرباری پێشەکی و دەرئەنجامەکان، لە دوو باس پێکهاتووە: باسی یەکەم تیشک خراوەتە سەر ئەولەویات و کارە لە پێشینەییەکانی دەوڵەتی ڕوسیا کە بەرجەستەی ستراتیژی سیاسەتی دەرەکی لە قۆناغی دوای سۆڤییەتی جاران دەکاتەوە، لە چوارچێوەیەدا ئاماژە بە ڕێڕەوە و دارشتنی ستراتیژیی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا کراوە بە دابەش کردنی بۆ سێ قۆناغی ئامانجدار لە پێناو بەهێزکردنەوەی پێگە نێودەوڵەتییەکەی، سەرباری شرۆڤەکردنی بنەما و دەستنیشانکەرە سەرەکییەکانی دارشتنەوەی ستراتیژی سیاسەتی دەرەکی ئەم دەوڵەتە. لە باسی دووەمدا تیشک خراوەتە سەر دەستنیشانکەرەکانی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا لە دەستەبەرکردنی بوون بە جەمسەری نێودەوڵەتی، ئەویش لە چوارچێوەی دوو تەوەردا. تەوەری یەکەم باس لە فاکتەرە بەهێزەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا دەکات، لە تەوەری دوومیشدا ئەو لەمپەر و ئاڵنیگارییانە خراونەتەڕوو کە دێنە بەردەم بونیادنانەوەی ڕوسیا و کردە سیاسییە دەرەکییەکانی لە بوونەوە بە جەمسەری نێودەڵەتی.

## باسی یەکەم
## پێشینەکانی (أولویات) ستراتیژی سیاسەتی دەرەکی فیدراسیۆنی ڕوسیا

دەیەی کۆتایی لەسەدەی بیستەم گۆڕانکاری نێودەوڵەتی زۆری بەخۆوە بینی، کە کۆتایی هێنا بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدیۆلۆژی نێوان سۆڤیەتی جاران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەپاش هەوڵە شکستخواردووەکەی کودەتا لە سۆڤیەتی جاران لەساڵی 1991، خێرا دەرگای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەتی جاران کرایەوە. لە (1991/12/7) هەرسی سەرۆک کۆمارەکانی سلاڤ "بوریس یلتسین سەرۆکی ڕوسیای ئیتحادی، ستانیلاف شوشکفتیش سەرۆکی ڕوسیای سپی، لیونید کرافتشوک سەرۆکی ئوکرانیا، لە نزیک مینسک (Minsk) پایتەختی ڕوسیای سپی (Belarus) پێکهێنانی دەوڵەتانی سەربەخۆی بەرژەوەندی هاوبەشیان ڕاگەیاند کە جارێ هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی لەخۆیدا هەڵگرتبوو. لەو کۆبوونەوەیەدا بەگشتی جەخت لەسەر پاراستنی سنورەکانی نێوان هەرسێ وڵات و بارودۆخی باو کرابوویەوە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی پاراستنی ژینگەی ستراتیژی و سەربازی هاوبەشی هەر سێ لایەن. دواتر سەرۆکی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست، لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا لە شاری (عەشق ئاباد) لە (1991/12/21) پەیوەست بوونی خۆیان بەو ڕێکخراوەوە ڕاگەیاند(حسین، 2018، ل389).

هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران تەنها نزیکەی یەک لەسەر چواری خاکی سۆڤیەتی لەژێر چنگی ڕوسیا دەرهێنا (Kubicek, 2009, p. 237)، لەبەرامبەردا (76.2%)ی خاکەکەی بۆ مایەوە، هەروەها نیوەی دانیشتووان و دەستی کاری یەکێتی سۆڤیەتی بەرکەوت، کە توانایەکی جیهانی پێبەخشیووە (حسین شحیل، 2000،ص115). ڕوسیا (90%) نەوت و، (80%) گازی سروشی و، (70%) سەرچاوەی زیڕ و (42%) لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای یەکێتی سۆڤیەتی وەک میرات بۆ مایەوە، هەروەها دەستیگرت بەسەر هەموو هێزو توانا مرۆیی و سەربازی و ئابوورییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری قەیران و کیشەکانیش هەر بۆ فیدراسیۆنی ڕوسیا مایەوە (کولایی، 1392، ص71_72)

لەساڵی 1991 یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە فیدراسیۆنی ڕوسیا بەڕێوەچوو، تیایدا سەرۆک بوریس یلتسن زۆرینەی دەنگەکانی بدەست هێنا، ڕوسیا پێی نایە قۆناغی گۆڕانکاری جۆری و هەیکەلی لە گواستنەوە لە مۆدیلی سوشیالیستی بۆ سەرمایەداری لیبرالی و، دەست پێکردنی قۆناغی بەتایبەت کردنی کەرت و دامەزراوەکان، کە بووە هۆی زۆربوونی قەبارەی دامەزراوە و کۆمپانیا تایبەتەکان. لە ماوەی سەرۆکایەتی یەڵتسین نزیکبوونەوە لە وڵاتانی دیموکراتی ڕۆژئاوایی و زەمینەسازی بۆ هاوکاری ڕوسیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و، پەیوەست بوو بە گروپی حەوت (G7) بە گرنگترین ئەرک لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە دەستنیشانکرا. هەرچەند ئەم ڕەوت و ئاراستە تازە و پێچەوانەی فیدراسیۆنی ڕوسیا بە ئاسانی تینەدەپەڕی و تووشی ڕووبەڕووبوونەوەی زۆر دەبوویەوە لەگەڵ باڵ و ڕەوتە سوشیال و ڕادیکالەکان لە هەردوو ئاستی سیاسی و ئابووری (مقدم و ستودە، 1393، ص 29)، بەڵام هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1999 بە تەواوەتی بووە هۆی پاشەکشی پێکردنی ڕەوتە نەتەوەییە ڕادیکالەکان، لە بەرژەوەندی ڕەوتی لیبراڵ و ڕیفورمخوازەکان (حسین شحیل، 2000، ص 199-200)، ئەویش

وەک بەرمەبنای ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە پارتی یەکگرتووی یان "پارتی کرملین" کە بەرجەستەی حەزو ئارەزووی ڕوسەکانی دەکرد بۆ هەنگاونان بە ئاراستەی پەرەپیدانی سیاسەتی ڕیفۆرم، ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی نیشتمانی ئێستا و ئایندەی ڕوسیا، لەرێگای بوونیادنانی دەوڵەتی نیشتمانی بەهێز (نبیه الاصفهانی، 2000، ص 172)، دوای دەست لەکارکیشانەوەی، یەڵتسین لە 31ی دیسەمبەری 1999 ڤلادیمیر پۆتینی وەک بریکاری سەرۆکی ڕوسیا دەستنیشانکرد، کە پاشان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2000 پۆتین سەرکەوتنی گەورەی تۆمارکرد لەبەرامبەر کیبرکێکارە سەرەکیەکەی، ئەوەش بەڵگە بوو بۆ ئەوەی کە لە ڕوسیا ڕەوت و ئاراستەی کرانەوەی نێودەوڵەتی و بوونیادنانی دەوڵەتی نیشتمانی دەرفەتی زیاترە تا ڕەوتە جیاوازەکانیتر، ئەوەش بەو مانایەی کە لە سەروبەندی سەدەی نوێ ڕوسیا بە ڕواڵەتیکی تازە و بە ستراتیژیەتی نیشتمانی و بوونیادی دەوڵەتی نیشتمانی بەهێز دەردەکەوێت (کولایی، 1392، ص 90-91).

لێرەدا وەک هەنگاوی یەکەم دەتوانین بەیەک رستە ئاماژە بە میتۆدی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیای پۆتین بدەین، کە وەک بنەماکانی سەرەتایی بۆ سیاسەتی دەرەکی دیاری دەکرێت، وەک ڕاستبینگەرایی "ڕیالیزم"، پراگماتی (دەرفەتخواز)، پراکتیزەکردن، بەئاگایی، ئەمانە وەک ڕوالەتی نوێ لە سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا.

## یەکەم – بنەما ستراتیژییەکانی دەوڵەتی ڕوسیا لە دوایی ساڵی 1991.

ڕەوشی ناوخۆیی ڕوسیای ئیتیحادی لەپاش نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ئاراستەی سیاسەتی دەرەکی و پەیوەندییەکانی ڕوسیا لەگەڵ دەرەوەدا. بە جۆرێک کە ئامانجەکانی ڕوسیا چڕکرابوویەوە لە پرسی دووبارە گەڕاندنەوەی شکۆ و مەزنایەتی بۆ پێگە و ناوبانگی پێشووتری کە لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی جاران هەیبوو، لە قۆناغی جەنگی ساردا. سەرباری گێڕانەوەی پێگەی نێودەوڵەتی ڕوسیا، بەرپرسانی ڕوسیا هەوڵیاندەدا سیاسەتی خۆگونجاندن بگرنەبەر، لەگەڵ هاوکیشە و ئاراستەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و تەوژمی بەجیهانیبوون و هاوکیشە ئابووری و بازرگانییە جیهانییەکانی بارگراویکراو بە بازاڕ و ئاڵوگۆڕی ئابووری ئازاد، بەتایبەتیش لە هەندیک پرسی هەستیار و تایبەتدا، لەوانە پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی تیرۆردا، کە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەمریکا و ڕوسیا بوو (مەنتک، 2017، ل 75).

بەشێوەیەکی گشتی، لە دوای هاتنەسەر دەسەلاتی پۆتین وەک سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕوسیا، ڕەچاوی هەندیک پرەنسیپ کران، وەک بنەمایەک بۆ داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەو ولاتە، کە گرنگتریان ئەمانە بوو:

1. ڕاستبینگەرایی (ڕیالیزم) لە خوێندنەوەی ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ داڕشتنی سیاسەتی دەرەکی و دیاریکردنی ئامانجە لە پێشینەکانی ڕوسیا، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەزی ئایدۆلۆجی.
2. پەیرەوکردنی پرەنسیپی دەرفەتخوازی (پراگماتیزم) لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەکی و وەرگرتنی هەڵویست بەرامبەر پرس و ڕووداوە جیهانییەکان.

3. دینامیکییەت لە بەرجەستەکردنی سیاسەتی دەرەکی و بەشداری لە ڕووداوە سیاسییە جیهانییەکاندا.
4. پەرەوکردنی بنەمای ململانێی ئازاد و خۆقەتیس نەکردن لە چوارچێوەیەکی سیاسی-جوگرافی دیاریکراو لەگەڵ هێزە کاریگەرە جیهانییەکان، بەبێ گرنگیدان بە ڕەهەندی ئایدۆلۆجی ئەو ململانێیانە.
5. پەیرەوکردنی نا-ناوەندگەرایی و ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئازاد لە مامەڵەکردندا.
6. پەیرەوکردنی سیاسەتی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی سیاسی باوی نێودەوڵەتی و پەرەپێدان بە پەیوەندی دۆستانە لە بری ناکۆکی و ململانێ (نەجمەدین، 2014، ل186).

## دووەم : قۆناغەکانی پەرەسەندنی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا

هەڵبەت دیارە سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا لە دوای قۆناغی لێکترازانی سۆڤییەتی جاران، لە یەک ڕیتمدا ڕیرەوەی نەکردووە، بەڵکو چەند قۆناغێکی لێکجیاوازی بڕیوە تا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بێتەوە گۆرەپانی نێودەوڵەتی و هەوڵی بە جەمسەرکردنەوەی پێگەکەی لە ئاستی سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا بدات.

### قۆناغی یەکەم: قۆناغی هەستانەوە سەرپێ و خۆقایم کردن. 1991-2000

لەم قۆناغەدا سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا زیاتر بە میکانیزمی دیبلۆماسی و کرانەوە لەبەرامبەر ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپایی پشتی دەبەست، ئەویش بە ئومێدی هەنگاونان بە ئاراستەی گەشەی ئابووری و وەلاخستنی ململانێ ئایدۆلۆجییەکان، کە هۆکارێک بێت بۆ بەستنەوەی ڕوسیا بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و دروستبوونی پەیوەندی و هاوکاری ستراتیژی و ئەمنی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا، کە پێشتر بە هۆکاری جەنگی سارد کیشوەری ئەوروپا لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لەت ببوو بەسەر دوو بەرە و جەمسەری ناکۆک و دژبەردا (عابدی، 1388، ص 110). هۆکارو پاساوەکانی ئەو ئاراستە تازەیەی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیاش پەیوەست بوون بەچەند پرسیکەوە لەوانە (حسین، 2018،ل 404-405):-

1- پرسی ئەندام بوونی ڕوسیا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ئەندامیکی هەمیشەیی و خاوەن مافی ڤیتو.

2- بەشداری پێکردنی ڕوسیا لە کۆنگرەکانی لووتکەی حەوت دەوڵەتە پیشەسازییەکە (G7)، سەرەرای بارودۆخی ئابوورییەکەی لەسەرەتایی ساڵی 1991.

3- بوونی پەیوەندیی پتەوی ڕوسیا لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، بەهۆی ئەوەی ڕوسیا هاوبەشێکی بازرگانی خوازراوە لەگەڵ وڵاتانی ناو یەکێتیەکە لە چالاکییە ئابوورییەکاندا، بەتایبەت دوای کۆتایهاتنی قۆناغی دوژمنکارانەی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی جاران. لە سەردەمی جەنگی سارد دا، یەکێتی ئەورووپا هاوبەشی پایەی ئابووری باڵا بوو بۆ هاوپەیمانی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ) هەڵبەت ناتۆش دوژمنی سەرسەختی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بوو (نومکین، 2008، ص83).

4- دەستبەردارنەبوون و هیشتنەوە و پاریزگاریکردن لە جبەخانەیەکی گەورە لە چەکی ئەتۆم، دەست گرتن بەم پرسە لە دانووستان و گفتوگۆکاندا لەگەڵ رۆژئاوا بە گشتیی و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تایبەتی، بەمەبەست لیی دەستەبەرکردنی دەستکەوتی زیاتر بوو، لە پێناو پتەوکردنی رۆڵ و کاریگەری و پێگەی خۆی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا.

5- رۆڵێکی کاریگەر و باڵای هەبوو، لە دامەزراندنی ریکخراوی یەکێتی دەوڵەتانی سەربەخۆی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش (The Commonwealth of Independent States (CIS لەساڵی 1991. وەگەرخستنی ئەم هاوپەیمانیەتییە بۆ هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری سیاسی و سەربازی (طلال یوسف، 2008، ص 87).

هەموو ئەمانەی کە خرانەروو لە پێناو ئەوە بوو، کە روسیا زیاتر هەنگاو بنێت لەنزیکبوونەوە لە کۆمەڵەی ولاتانی رۆژئاوا، پەیوەندی هاوبەشی و هاوکاری بوونیاد بنرێن. بەلام بەرەو پیشچوونی ململانێکانی نێوان بەشێک لە ولاتانی رۆژهەلاتی ئەوروپا، بەتایبەتی لە جەنگی بوسنا لە دەرئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی یوگسلافیا، دەرکەوتەی ململانێی خویناوی لەنێوان سلاڤییەکانی دەرەوەی روسیا لەگەڵ نەژادەکانی تر بەروونی ئەوەی دەرخست، کە هەر لە ساتەوەختی دەرکەوتنی روسیا لە مەیدانی جیهانی وەک میراتگری یەکێتی سۆڤیەتی جاران، پرسی وابەستەیی و ئینتیمای نەژادی وەک یەکێک لە فاکتەر و هۆکارەکانی پشت جووڵاندنی سیاسەتی دەرەکی روسیا بەدیار کەوت. روسیا لە سیاسەت و هەڵویستی ولاتانی رۆژئاوایی بەرامبەر بەم ململانێ نەژادییانە، بۆی دەرکەوت کە روسیا بەهۆی گۆرانکارییەکانەوە ئەو سەنگەی پیشووی لە جیهاندا نەماوە، هەروەها بۆی روونبوویەوە، کە روسیا دۆستی جیی باوەڕی نیە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئیتر پێویستە سیاسەتیکی راستبینگەراییانە بگرێتەبەر بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ دووبارە گێرانەوەی هێز و شکۆ بۆ روسیا (زارعی، 1391، ص 84). هەڵبەت بەم پێیەش بێت دەتوانین بڵێین، کە رووداوەکانی کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیست بە راشکاوی قۆناغی نەیاربوون و بەرهەڵستکاریکردنی دوولایەنە و بەرامبەر یەک لە نێوان سیاسەتی دەرەکی روسیا سیاسەت و ئاراستەی بەشێکی زۆری ولاتانی ئەوروپا بە گشتیی و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە تایبەتی بەدەرخست.

## قۆناغی دووەم: ئاماژەدان و پێکۆلییکردن لە پێناو دەستەبەرکردنی جەمسەر (2001 _ 2008)

ئەم قۆناغە بە هاتنی فلادمیر پۆتین بۆ سەردەسەلاتی دەست پێدەکات، پۆتین لە سەرەتای دەستەکاربوونیەوە وەک سەرۆکی فیدراسیۆنی روسیا، لە بری رووبەرووبوونەوەی ولاتانی رۆژئاوایی و جەختکردنەوە لەسەر گۆرینی سیستەمی تاکجەمسەری جیهانی، کە پیشتر دۆکترینی یڤگینی پریماکۆڤ بوو، قورسایی سیاسەتی خۆی زیاتر خستە سەر کۆمەڵێک پرس و خاڵی لاوازی ناوخۆیی روسیا، کە خۆیان دەبینییەوە لە رووبەرووبوونەوەی تیرۆر، باشترکردنی بارودۆخی ئابووری و رزگارکردنی روسیا لە داروخانیکی نوێ (نصار، 2008، ص24). سەرەتا پۆتین دەیویست خۆی نزیک بکاتەوە لەگەڵ ولاتانی

ڕۆژئـاوایی وەک ئـەوەی ڕوسـیا کاراکتـەرێکی گەورە و سـەربەخۆ خـاوەن فەلسـەفەی تایبـەت لـە سیاسـەتی دەرەکیـدا، لـەم بارەیەشـەوە مـەیلی ئەوەی هەبوو پرسی هاوکاری و هەماهەنگی بکاتە بنـەمایی پەیوەندییە دەرەکییـەکانی ڕوسـیا بـۆ ئـەو قۆناغـە. پـوتین خۆیشـی بـڕوای وابـوو، کـە بـەهێزکردنی ئـابووری و هێـزی سـەربازی ڕوسـیا، پیویسـتیەکی گەورەیـە بـۆ مانـەوە و گەڕانـەوەی مەزنایەتی بۆ ڕوسیا. بۆیە پۆتین دەیویست ڕوسیا جاریکیتر بگێرێتەوە بۆ پێگەی نێودەوڵەتی پیشوو و خۆیشـی وەک سـەرۆکی وڵاتیکـی بـەهێز بناسـرێت، نـەک هاوشـێوەی بەرپرسـانی پیشـوو، کـە بکـەری جێبـەجێکردنی بەرنامـەکانی ڕۆژئـاوا بێـت (Tsygankov, 2005, p. 133).

لە ڕاستیدا ڕووداوەکانی ساڵانی کۆتایی دەیـەی نـەوەدەکانی سـەدەی بیسـتەم ئامـاژە بـوون بـۆ فراوانبـوون و دوورکەوتنـەوە لـە پەیوەندییـەکانی ڕوسیا لەگـەڵ وڵاتـانی ڕۆژئـاوا بەتایبـەتیش دوای جموجۆڵ و چالاکی ڕوسیا بە ئاراستەی پشتگیری کردن لە سربەکان، کە ئەم قۆناغە وەک سـەرەتایەک بـوو بـۆ سـەرلەنویَ داڕشـتنەوەی نـوێی ئەجیندا و کارنامـەکانی سیاسـەتی دەرەکـی ڕووسـی (hendenskog et al. 2005, Pp.228-229). بەگشـتی، لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـت و یـەک، کۆمـەڵێک پیشـڤەچوونی خێـرا لـە ئاراسـتەکانی سیاسـەتی دەرەکـی ڕوسـیا ڕوویانـدا، بەهۆکاری(حسـین، 2018، ل404-405):

1- هاتنی ڤلادیمیر پۆتین بۆ سەرۆکایەتی کردنی ڕوسیا کە خـاوەن دۆکتـورینی سـەربەخۆیی ڕوسـیا و گیڕانـەوەی پێگـە و ڕۆڵیـەتی لـە ئاست پرس و دۆزە جیهانیەکان و بە ئاشکرا و بـوێری باسـی لـە گـۆڕینی سـتراکچەری سیسـتـەمی نێودەوڵـەتی دەکـرد لـەتاک جەمسـەرەوە بـۆ فرەلایەنگـەرایی (multilateralism) کـە تیایـدا ڕایکـردن و چارەسـەرکردنی ئاریشـە جیهانیـەکان بـە ڕاویژو هاوبەشی هەماهەنگی دەکرێت بەپێی بریـارێکی هاوبەشـی نێودەوڵـەتی، هـەروەها هەوڵیـدەدا ببێتـە بەربەسـت لەبەرامبـەر هەژموونی ڕۆژئاوا لەو ناوچانەی کە ڕوسیا تیایانـدا باڵادەسـتە (ابـو الحسـن شـیرازی، 1395، ص15)

2- هەڵبژاردنەکانی پەرلـەمانی ڕوسیا ( دوما ) کـە دوو پـارتی سـەرەکی زۆرینـەی کورسـیەکانیان بەدەسـتهێنا، ئـەوانیش پارتی ڕوسیای یەکگرتوو(United Russia) کە لە دومـای چـوارەم (2003-2007) تـوانی زۆرترین ڕێژەی کورسیەکان بەدەستبەینیت بە بردنەوەی (222) کورسی لە کۆی (450) کورسـی پەرلـەمانی، کـە دواتـر لـە ڕێگـەی هاوپـەیمانی چەنـد هێزێکیتـر تـوانی فراکسـیۆنیکی(304) کورسـی پیکبهێنێت، لـە دوای ئـەو پـارتی کۆمونیسـتی فیدراسـۆنی ڕوسـیا( Communist Party of the Russian Federation) بەسـەرکردایەتی زیوگانۆڤ ( Gennady Andreyevich Zyuganov) هات، کە توانی فراکسـیۆنیکی پەرلـەمانی (47) کورسـی پێکبهێنێت. بنـەما هزرییـەکانی هەریـەک لـەم دوو پارتـەش لـە ڕاسـتیدا ڕەت کردنـەوەی سیسـتەمی تـاک جەمسـەری تاکانـەیی ئـەمریکا لـە بڕیـاردانی نێودەوڵەتی و ڕایکردنی دۆسیەکانی جیهانی

بوو. بەڵکو لەبری ئەوە کاریان کرد بۆ دەستەبەرکردنی فرە جەمسەری لە سیستەمی نێودەوڵەتی (نوری، 1389. ص68).

3- بەرزبوونەوەی داخوازیە جەماوەری و پارتی و ئەکادیمیەکان بۆ ڕەچاوکردنی زیاتری بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ڕوسیا، بەتایبەتی کە ئەم پرسە پەراوێز خرابوو لە قۆناغی دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەتی جاران لەدوای ساڵی 1991.

4- دەرکەوتنی یڤگینی پریماکۆف وەک وەزیری دەرەوەی ڕوسیا لە ماوەی (1996–1998) و سەرۆک وەزیران (1998–1999) خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا بە خۆ ئاراستەکردن بەرەو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی کە خاوەن پێگە و توانایەکی گەورەبوون، وەک چین و هیند. پریماکۆف پێی وابوو، ڕوسیا خاوەن تایبەتمەندییەکی کولتووری و جیۆپۆلەتیکی تاقانەیە و بەشێک نیە لە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی، بۆیە پێویستە هەوڵی دەستەبەرکردنی ڕۆڵێکی جیهانی کاریگەر بدات وەک جەمسەریکی سیاسی جیهانی، بۆ ئەوەش پیویستی بە ئەنجامدانی چاکسازی ئابووری و کۆنترۆڵیکردن و ڕیکخستنی ژینگەی پاش سۆڤیەت هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێیوابوو پێویستە ڕوسیا لە ڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی، هەوڵی دارشتنەوەی هاوکیشەی هێز بدات، وەک هەنگاویک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەمی تاکجەمسەری جیهانی (Tsygankov, 2005, p.136). دەکرێت بوترێت، گۆڕانکارییەکان لە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا و هەوڵدان بۆ بوونەوە بە هێزێکی کاریگەر لە ژینگەی نێودەوڵەتی، بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵی (1996) و دوای دەستەبەکاربوونی پریماکۆف وەک وەزیری دەرەوە.

لە ساڵی (2000) ڤلادیمیر پۆتین لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی دەنگی لەسەر سەنەدێک لە ژیر ناوی دارشتنی چەمکی ئاسایش دا، کە بووە هەنگاویکی سەرەتایی و گرنگ بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیاسەتی درەوەی ڕوسیا، تیایدا جەخت لەم لایەنانەی خوارەوە کراوبوویەوە (ابوالحسن شیرازی و بهبود نژاد، 1395، ص5–6):

1. گەشەپیدان بە ئابووری ڕوسیا، کە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ببووە هۆکاری دارمانی. ئەو بوارە پێویستی بە دووبارە بوونیادنانەوە و چاکسازی هەبوو، هەر بۆیە لە ماوەی سەرۆکایەتی پۆتین ئەو پرسە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی هەوڵی ریفۆرمی تێدا درا.
2. گرنگیدان بە ناوچەی ئۆراسیا، کە پۆتین لە ڕێگەی ڕێکخراوی دەوڵەتانی سەربەخۆی خاوەن بەرژوەندی هاوبەش (CIS) و ڕێکخراوی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز بە ڕوسیاوەیان ببەستێتەوە.
3. جێگیرکردنی سیستەمی فرەجەمسەری، کە لە سەنەدی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا بە ڕوونی دژایەتی سیستەمی تاکجەمسەری جیهانی هاتبوو و، سیستەمی فرەجەمسەری وەک جێگیرەوەیەک خرابوویە بەرباس.

هەموو هەوڵەکانی پۆتین لە ماوەی یەکەم و دووەمی سەرۆکایەتییەکەیدا بە ئاراستەی ڕێگری لە جێگیربوونی سیستەمی تاکجەمسەری بوو.

4. یەکێکیتر لە پێشینەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی تیرۆر و ڕێگری لە هەر هەوڵێکی جوداخوازی نەتەوەکانی نێو فیدراسیۆنی ڕوسیا بوو، لەو چوارچێوەیەدا جەختی لە گەلاڵەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکردەوە بۆ پاراستنی سەربەخۆ و سەروەری وڵات لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و چەسپاندنی ئاسایش بە ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی تیرۆر، بەبێ دەستوەردانی هەر هێزێکی دەرەکی.

بۆیە لەسەر ئەرزی واقیع جۆرێک لە نەیاربوون، بەر هەڵستکاریکردن لە سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا بەدیکرا. ئەگەرچی بەرواڵەت و بەرجەستەی لێدوان و گوتاریش بوون، بەلام بەڵگە بوون بۆ سەرەتای بەرهەڵستکاری توند بۆ ئەو نەهجەی ڕایکردنی پرۆسیسەکانی جیهانی بە مۆرکی تاکجەمسەر، بۆیەش دەبینین ڕوسیا زیاتر لە بۆنە و شوێنێکدا ئەم سیاسەتی نەیاربوون و بەرهەڵستکاری لەگەڵ ڕۆژئاواو ئەمریکا پیادەکرد (مەنتک، 2017، ل77) لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونخ (2007) پۆتین ئاماژەی بەوەدا کە "سیستەمی تاک جەمسەری کە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد وەک سیستەمێکی جێگرەوە ناسێندرا، هیچ کات بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە شوێنی خۆی نەگرتووە، جیهان لە قۆناغی تاکجەمسەری تێپەڕیووە و، ئەگەرچی تاکو ئێستا سیستەمێکی دیاریکراو جێگەی نەگرتۆتەوە. مێژووی مرۆڤایەتی بە دڵنیاییەوە سیستەمی تاکجەمسەری تێپەڕاندووە و بەرەو سیستەمێکی چەند لایەنی جیهانی ڕۆشتووە" ( kremlin official site, 2007)

سەرەتایی پیادەکردنی نەیاربوون و بەرهەڵستکاری تاک جەمسەریش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و سست، لەدوای ساڵی (2002) دەست پێدەکات بەتایبەتیش لە پرسی جەنگی ئەمەریکا و هاوپەیمانان لەدژی عیراق لە (2003)، کە ڕوسیا لەپاڵ چەند وڵاتێکیتری ئەورووپی بە ئاشکرا بەرهەڵستکاری خۆی ڕاگەیاندن و چەندینجار هەڕەشەی بەکارهێنانی ڤیتۆی دەکرد لە ئەنجوومەنی ئاسایش، ئەمەش بەڵگەی ڕوون بوو کە ئیتر ڕوسیا بەرجەستەی هەڵویست و بڕیاری سەربەخۆیی دەکات لە پرسە جیهانییەکاندا، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیش نیگەرانی ڕوسیا بوو لە گواستنەوەی بارگژییەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سەر سنوورەکانی، بەهۆی نزیکایەتی جوگرافی ناوچەکە لە ڕوسیا. (معزی، 1389، ص89). ئەویش، لەپاڵ ڕەت کردنەوەی پرسی ڕاگرتنی کارەکانی وێستگەی بوشەهری ئیرانی تایبەت بە پیتاندنی یۆرانیۆم، کە ئەمریکا داوای دەکرد، ڕوسیا لە سەرەتای ساڵی (2002) ڕایگەیاند، کە نەک تەنیا کاری وێستگەی بوشەهر تەواو دەکات و بەردەوام دەبێت لە یارمەتیدانی ئیران، بەڵکو گفتوگۆکان لەگەڵ حکومەتی ئیران درێژە پێدەدات بۆ بونیادنانی پێنج وێستگەی تری هاوشێوە، ئەگەرچی دواتر و لە ساڵی (2003) بۆ ماوەی دوو ساڵ ڕایگەیاند کە کارەکانی وێستگەکە هەڵدەسپێردرێت بە پاساوی گۆڕینی یەدەگی ڕوسی بۆ ئەڵمانی، کە لە بنەڕەتدا لە دوای فشاری ڕۆژئاوا دژ بە ئیران هات (عابدی، 1388،ص118).

لە ڕاستیدا ئەمانە پێشڤەچوونی ڕاستەقینە و جۆری بوون لە ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا کە دواتر ئەم دەرکەوتانە زیاتر چوونە بواری پراکتیک لە جووڵە و چالاکی و بڕیاری سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا بە ئاراستە جیاوازەکان و، بەپێی گرنگی بازنە و پێگەکانی ستراتیژی لە دۆسیە و کارنامەکانی ناو سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا.

## قۆناغی سێیەم : قۆناغی سەرکێشیکردن لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و خۆسەپاندن لە ئاستی هەرێمایەتی (2008–2018)

سەرکیشی ڕوسیا لە سیاسەتی جیهانی بەمەبەستی کۆتایهێنان بە سیستەمی تاک جەمسەری ئەمریکی، لە ساڵی (2008)ەوە دەست پێدەکات هەتا ئێستا. پۆتین هەر لە دەستپێکی دەسەڵاتداری وەک سەرۆکی ڕوسیا، هەوڵی تۆکمەی داوە بۆ ئەوەی ڕوسیا خاوەنی سیاسەتی دەرەکی بەهێز و سەربەخۆ بێت . ئەو، بەردەوام کاری لەسەر دەستەبەرکردنی دەرفەتی گێڕانەوەی ڕوسیا کردووە وەک جەمسەرێک بۆ ناو سیاسەتی جیهانی، ئەویش بەپشتبەستن بە چاک کردنی بارودۆخی ئابووری، سەقامگیری سیاسی و بەدیهێنانی ئاسایشی ناوخۆیی کە زەمینەی گەڕانەوەی شکۆمەندی بۆ هێزی جیهانی ڕوسیا، بسازێنێت (نعمە، 2013، ص75)

دەکرێت ئامانجی پیشینەی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا لە ماوەی ویلایەتی سێیەمی سەرۆکایەتی پۆتین (2013) بەم شێوەیە دیاریبکرێت (حسین، 2018، ل410–411):

1. ڕۆڵگێرانی زیاتری ڕوسیا لە پرسە سیاسییەکان جیهانییەکان و چارەسەرییەکانیاندا.
2. قورساییدان بە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین، لەبەرامبەر ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
3. دانانی پرەنسیپی ڕکابەری و هاوکاری بەرامبەر بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، تیپەڕاندن و وەلانانی چەمکی دوژمن لە سیاسەتی دەرەوە، خۆ پەیوەست کردن بە لە پیشینەدانانی بابەتەکانی پەیوەست بە پرسی ئاسایشی نەتەوەیی ڕوسیا.
4. هەوڵدان بۆ لاوازکردن و گۆڕینی ستراکچەری سیستەمی سیاسی جیهانی، لە تاکجەمسەرییەوە بۆ فرەلایەنگەرایی یاخود فرە ناوەندگەرایی جیهانی (Multiletralization).
5. چالاکردنی روسیا لە چوارچێوەی سیستەمی نوێی جیهانی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەوڵە تاکلایەنەکان لە کیشە و ناکۆکییە ناوچەیی و جیهانییەکاندا.
6. ڤلادیمیر پۆتین بەدوای کاراکردنی بەشداری دیبلۆماسی فرەلایەنەی ڕوسیا بوو لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراو و گروپە ئابووری و پیشەسازییە گەورە جیهانەکانی وەک گروپی بریکس (BRICS)، گروپی بیست (G20)، گروپی هەشت وڵاتە پیشەسازییەکەی جیهان، ریکخراوی هاریکاری شەنگەهای و هەموو ئەو هەوڵە نێودەوڵەتییانەی کە دەگیردرێنەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بلاوبوونەوەی چەکی کۆکوژ، تیرۆری نێودەوڵەتی و، تاوان و

کیشمەکیشە ناوچەییەکان (ابوالحسن شیرازی و بهبود نژاد، 1395،ص7_8).

## هەنگاوە کردەییەکانی ڕوسیا لە پێناو دەستخستنی پێگەی جەمسەر لە 2008-2018

دەرکەوتنی ڕوسیا وەک جەمسەرێکی جیهانی و دەوڵەتێکی خاوەن هەژموون لە قەیرانی جۆرجیا و لە ساڵی (2008) بە ڕوونی بەدیارکەوت و پراکتیزەکرا، ئەویش دوای بێدەنگبوونێکی درێژ لە ئاست دەستیوەردان و نزیکبوونەوەی ناتۆ و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، لە وڵاتانی نزیک لە سنووری ڕوسیا و جیابووەوەی یەکێتی سۆڤیەت (دەرەوەی نزیک)، بەتایبەتیش دوای جێگیرکردنی قەڵغانی مووشەکی لە پۆلەندا لەلایەن ئەمریکاوە (حسین، السیاسه الدولیه بین الفوضی و النظام، 2018، ص455)

لەڕاستیدا لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ڕوسیا یەکەم جار بوو بەنەفەسی سەربازی هەوڵی یەکلایکردنەوەی کێشە هەرێمییەکانی بدات و لە دۆخی ئیفلیجی خۆی بێتە دەرەوە. ڕوسیا لە قەیرانی جۆرجیا خێرا و بێ چاوەڕوانی ئەنجوومەنی ئاسایش هەستا بە دەستیوەردان لەهەریەک لە ئۆسیتیا و ئەبغازیا لەدژی سووپای جۆرجیا، پاشانیش سوپای جۆرجیای ناچارکرد بە کشانەوە لەو دوو هەرێمەدا. دوا بە دوای ئەو هەنگاوە سەربازییانەش، سەربەخۆی هەردوو ئۆسیتیا و ئەبغازیا بە فەرمی ناساند، بەوەش ڕوسیا چوویە نێو سەردەمێکی نوێوە (دۆگین، 2017، ل275-276).ڕووداوەکانی کۆتایی ساڵی (2008)، ئاماژەیەک بوون بۆ سەر لە نوێ دەستپێکردنی ململانێی نێوان ڕوسیا و ڕۆژئاوا.

سەرەڕای ئەوەش، ئەم قەیرانە ئاشکرای کرد کە ڕوسیا بە کرداری بەدوای پێگە و هەژموونی تازەدا دەگەڕێت لە سیاسەتی نێودەوڵەتی. لەم قەیرانە هەڵویستی ڕوسیا زۆر توند و نەگۆڕ دەرکەوت، لەهەمانکاتیشدا ڕێگەی نەدا لە ئەنجوومەنی ئاسایش هیچ بڕیاریک دەربچێت کە پرۆتستۆی بکات، یان پرسی کشانەوەی ناچاری بەسەریدا بسەپێنێت لەخاکی جۆرجیا، تەنها ڕوسیا ڕەزامەندی بە ئاگربەست نیشاندا (حسین، 2018، ص455).

لەڕاستیدا قەیرانی جۆرجیا (2008)، تەنها قۆناغی ڕاگەیاندن بوو بۆ ڕوسیا لەدوای ئەمە لە زۆریک لە بۆنە و بارودۆخە نێودەوڵەتییەکان بەرهەڵستکاری کرداری نواند لەبەرامبەر سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی سوریا لە سەرەتای ساڵی (2011) و، بەرهەڵستکاری کردنی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەر دۆزینەوەی چارەسەری بۆ قەیرانی سوریا، لەم ڕووەوە ڕوسیا لەسەرەتای ساڵی (2011)تا ساڵی (2018)، زیاتر لە دوانزە جار پرۆژە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕەت کردۆتەوە بە ڤیتۆ، کە لەلایەن هەریەک لە ئەمریکا، فەرەنسا و بەریتانیا ئامادە دەکرا، بە تۆمەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن حکومەتی سوریا دژ بە گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان (BBC, 2018).

قەیرانی سوریا بۆ ڕوسیا سەنگی مەحک بوو بۆ تاقیکردنەوەیەکی سەخت کە لەسەردەمی سۆڤیەتی جارانەوە تا قەیرانی سوریا، ڕوسیا بوێری ئەوەی نەدەکرد بە ئاشکرا مافی ڕەت دانەوە لەدژی پرۆژە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بەکاربهێنیت، تەنانەت هەرچەندە نەیاربوونی و نیگەرانی زۆری دەربڕی لە جەنگی ئەمریکا دژ بە عێراق (2003)بەلام ڤیتۆی بەکارنەهێنا، بۆیە قەیرانی سوریا بە تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە هەژمار دەکرێت

لەمەڕ پێداگری ڕوسیا بۆ ئامانج و ستراتیژییەتە بالاکانی لە سیاسەتی دەرەکی خۆی.

جگە لە قەیرانی سوریاش، لەساڵی (2014) ئاشکرا بە بیانووی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی و پاراستنی ڕوس نەژادەکانی دەرەوەی سنوری فیدراسیۆنی ڕوسیا، نیمچە دورگەی (کریمیا)ی داگیرکرد، کە لە دوای ئەوەش بە نهێنی دەستی کرد بە پاڵپشتی و یارمەتیدانی هێزە جوداخوازەکان لە ڕۆژهەلاتی ئۆکرانیا، ئەوەش وەک کارتیکی فشار دژ بە حکومەتی کیڤ لە ئەگەری هەر نزیکبوونەوەیەک لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ (مارشال، 2017، ل34).

هەموو ئەمانە بەتاقیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا دادەنرێن لەڕووی پێداگری لە بنەما سەرەکیەکانی ئەم وەرچەرخانانەش هەرچەندە تیڕوانینەکان لەدوای ساڵی 2000 هەبوونە، بەڵام خاڵی وەرچەرخان لەساڵی 2008 لەگەڵ جەنگی جۆرجیا دەست پێدەکات و وێستگە گرنگەکانی تاقیکردنەوەی پراکتیکی بۆ بنەماکانی سیاسەتی دەرەکیش داگیرکردنی نیمچە دورگەی کریمیا بوو، لەگەڵ هەڵویست و سیاسەتی ڕوسیا لەبەرامبەر قەیرانی سوریا لەساڵی 2011، تاوەکو ئێستا. هەموو ئەو ڕەفتارو کردەوانەی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا بەتایبەتی لە ماوەی سێیەمی سەرۆکایەتی ڤلادیمیر پۆتین، ئاماژەن بەدەستپێکی گۆڕانکاری لە ستراتیژییەتی سەربازی ڕوسیا لە بەرگری و سستییەوە بۆ هیرشبەرانە و چالاک ، هەروەها هەوڵدان بۆ سەپاندنی مۆرکێکیتر بە ستراکچەر و پەیکەری سیستەمی نێودەوڵەتی، ئەویش مۆرکی جیهانی فرە جەمسەرو فرە هێزە (پۆلاک و ئەوانیتر، 2017، ل74).لەمەودوا کۆی ڕێرەوی ئاراستەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بنەماکانی کێبڕکێ و ململانێیەکان دەکەونە ژێر کاریگەری نفوز و دەسەڵات و بەرژەوەندی بنەماکانی ستراتیژیەتی بالای چەندین هێزەوە، یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین ئەو هێزانەش بەتایبەتی لە هاوکیشە سیاسییەکانی ئاسیاو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕوسیا دەبێت .

## شیکردنەوەی ستراتیژییەتی سەرۆک پۆتین (لە ماوەی هەر سی ویلایەتە سەرۆکایەتییەکەیدا)

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئاماژە بە گرنگترین و سەرەکیترین بنەماو پرەنسیپەکانی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا لەسەردەمی پۆتیندا بدەین کە هاوکات وەک دوکترینی ڤلادیمیر پۆتینیش دادەنرێت بەدرێژای سێ ماوەی سەرۆکایەتی کردنی ڕوسیا ، کە بە هەموو تواناییەکییەوە هەوڵی پراکتیزەکردنی داوە (Sakwa, 2008, p.09)

- جەخت کردنەوە لەوەی کە ڕوسیا بەردەوامە لە جەنگی دژ بە تیرۆر لەهەموو بارودۆخێکی نێودەوڵەتیدا.
- جەخت کردن، لە کێبڕکێی پاک و ئاشتییانە لە پێناو دەستەبەرکردنی هەژموون لە جیهانێکدا هەموو پرس و دۆزەکان بەخێرایی ڕوودەدەن و بەرەوپیش دەڕۆن.
- دەستگرتن بە مانەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان، نەبوونی ئەلتەرناتیڤ بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری پەیوەندی نێودەوڵەتی، کە لەلای ڕوسیا ئەوە بنەمایە. ڕوسیا لەم ڕوانگەیەوە بەهەموو شێوەیەک پاڵپشتی و بەرگری لە مانەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان دەکات، هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لەم ڕێکخراوە زیان بە بەرژەوەندی ڕوسیا دەگەیەنێت.

ڕوسیا بەهەموو شێوەیەک دژی دەستبەرداربوونیەتی یان گۆڕینیەتی.

- ڕوسیا دەست دەگرێت بەکارکردن بەپێی ڕەوایەتی نێودەوڵەتی وەک کاری لەپێشینەی بۆ سیاسەتی دەرەکی خۆی.

- نابێت ئاسایشی ناوچە نزیکەکانی بکەونە مەترسییەوە، چونکە ناسەقامگیری ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، دۆخێکە زیان و هەڕەشە دروست دەکەن لەسەر ئاسایشی نیشتمانی ڕوسیا .

- ڕوسیا ئامادەیە و بەردەوامیش دەبێت لە بوونیادنانی پەیوەندی تەندروست و پتەو و دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی وەک ژاپۆن و کۆریای باشوور و چین.

- ڕوسیا هەروەک سەردەمی سۆڤییەتی جاران، هەموو هەوڵێک دەخاتەگەر بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی سیستەمی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم.

- ڕوسیا مەبەستیەتی و بەهەموو ڕێکارێکیش هەوڵدەدات گشت ئامرازە دیبلۆماسییەکان بهێڵێتەوە و برەویشان پێبدان، لە پێناو پتەوکردنی بەیەکگەیشتن و بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و، هەوڵی هاوکاری زیاتریش دەدات.

- ڕوسیا بەردەوام هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە بۆ چارەسەری ئاشتی و دیبلۆماسیانەی قەیران و دۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

- ڕوسیا بەتوندی بەرهەڵستکاری دەکات لە گواستنەوەی ململانێ و پێکدادانەکان کە بۆ جەمسەری باکور(بەستەڵەکی باکوور) بگوازرێتەوە.

- ڕوسیا ئامادەیی تێدایە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسی کەمکردنەوەی چەکە ئەتۆمییەکان.

- ڕوسیا گرنگی دەدات بە بەستن و گرێدانی پەیوەندی تۆکمە و بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ ئەمریکا، بە لەبەرچاوگرتنی بەرپرسیارێتی هەردوو دەوڵەت سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرس و کێشە نێودەوڵەتییەکان و، مەسەلەی پاراستنی ئەمنی نێودەوڵەتی.

- ڕوسیا چاوی لەوەیە کە پێگەی خۆی لە ناوچەی ئاسیا و دەریای هێمن وەک گرنگترین ناوچەکانی ستراتیژی لەمەڕ ئەجێندای سیاسەتی دەرەکی خۆیدا، تۆکمەتر بکات.

- ڕوسیا ڕێگە نادات و قبوڵی تاکرەوی ئەمریکا ناکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیە و پرسەکان، تەنها بەپشتبەستن بە بەها و پرەنسیپەکانی خۆیەوە هەوڵی پیادەکردنیان بدات لە دەرەوەی سنووری خۆی و پێشێلی یاسای نێودەوڵەتی بکات.

- ڕوسیا قبووڵی هیچ جۆرە فشار و گوشارێکی یەکێتی ئەوروپا ناکات، بەڵکو بەهەموو هێزییەوە ڕیوشوینی توندو تۆکمە دەگرێتەبەر بەرامبەر ڕەفتاری نا دۆستانەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا کە پیوەرە نێودەوڵەتییەکان تیپەڕ بکەن.

## باسی دووەم

## دەستنیشانکەرەکانی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا لە پێناو بەدیهێنانی جەمسەری نێودەوڵەتی

### تەوەری یەکەم: فاکتەرە بەهێزەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا

دیارە سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا کاریگەرە بەچەند فاکتەرێک، کە دەست نیشانکەرن بۆ ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا. لێرەدا ئاماژە بە و فاکتەرانە دەکەین کە ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە

دەستنیشانکردنی ڕێرەو و ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا .

1 – فاکتەری یاسایی ( العامل القانونی )

سیستەمی سیاسی ڕوسیا بەپێی دەستوری نوێی ڕوسیای ساڵی (1993) سیستەمێکی نیمچە سەرۆکایەتییە، هەروەها سەرۆک بە چاودێر و گەرەنتیکەری جێبەجێکردنی دەستور دادەنرێت. لە دەستوری (1993)هاتووە، کە سەرۆکی کۆمار، سەرۆکی دەوڵەتە، بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێت و نابێت لە دوو خولی یەک بە دوای یەک زیاتر بێت . هەروەها سەرۆکی دەوڵەت هەڵدەستێت بە دیاریکردنی سەرۆک وەزیران و دەتوانێت کۆبوونەوەی ئەندامانی کابینەی حکومەت ڕێکبخات( Sakwa, 2002, p.103 ).

سەرۆکی ڕوسیا لەلایەن گەلەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت بەپێی دەستور، ئەمەش وای کردووە کە خاوەن زۆرترین دەسەلات بێت. لە ماددەی (104) دەستووری ڕوسیا هاتووە سەرۆک دەسەلاتی پێشنیارکردنی پرۆژە یاسای هەیە، هەروەها دەسەلاتی دەستنیشانکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستوری فیدراڵی هەیە. هاوکات دەتوانێت پێشنیاری ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی بکا و جێگری سەرۆکی دوما (پەرلەمان) دیاری بکات. لەگەڵ ئەوەشدا دەسەلاتی پێکهێنانی حکومەتی هەیە ( 2008, Russian Federation's Constitution, p.27)هەروەها دەسەلاتی پێشکەشکردنی پرۆژەی هەموارکردنی دەستوریشی هەیە بەپێی مادەی (134)، کە ئەو دەسەلاتە بە دۆما (پەرلەمان) و ئەنجومەنی فیدراڵی و حکومەتی فیدراڵیش دراوە(Ibid, p.36).

لەمادەی (86)دا هاتووە، کە تایبەتە بەبواری نێودەوڵەتی، سەرۆک خۆی هەڵدەستی بە ڕاپەراندن و ڕایکردنی کاروباری سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا، لێرەدا سەرۆک خۆی بەرپرسیارە و خۆی بە سەرکردەی دەوڵەت دادەنێت، لە پرسی دەستنیشانکردن و ئاراستەکردنی دەوڵەتی خۆی لە گۆرەپانی نێودەوڵەتیدا، بەو پێیەی خۆی بەرپرسە لە هەموو کەیسەکانی سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکەی. هەروەها دەستور ڕێگەی بە سەرۆک داوە خۆی سەرپەرشتی دۆسیەکانی دانوستاندن و وتوێژەکان بکات لەگەڵ وڵاتانی تر، سەرەڕای دەسەلاتی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ وڵاتانیتر. هەروەها سەرۆک خۆی سەرپەرشتی دانان و دامەزراندنی هەموو دەستەو تیمەکانی دیبلۆماسی وڵاتەکەی دەکات، مافی لێپێچینەوە و سەندنەوەی متمانە لێیان و لەکارخستنیان لەدەست سەرۆکەدایە ). Ibid, p.23)

هەروەها لەبواری سەربازی و جەنگیشدا، سەرۆک دەسەلاتی باڵای بەسەر دامەزراوە سەربازییەکانی دەوڵەت هەیە، بەپێی دەستووری ئێستای کارپێکراوی ڕوسیا ، بەتایبەتی لەمادەی (87) هاتووە، کە سەرۆک فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەلاتی دیاریکردنی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەیە، هەروەها سەرۆک دەسەلاتی باڵای هەیە لە کاتەکانی ئاشتی و جەنگدا. جگەلەوەش دەسەلاتی ناساندن و دیاریکردنی یاسای جەنگییش لەدەست سەرۆکدایە ( Ibid, p.23).

لەڕاستیدا دەسەلاتەکانی سەرۆکی ڕوسیا یەکجار زۆر و فراوانن، ئەمەش بیانووی ئەوە دەدات، کە سەرۆک چەندە دەستی کراوەیە بۆ

داتاشین ئەجیندا و بەرنامەی پێویست بۆ ڕایکردنی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا .

## 2 - فاکتەری سیاسی

ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە دیدگا و تیڕوانینی سەرکردە سیاسییەکانی ڕوسیا بۆ ڕەوشی جیهان و پێویستی پێگەی ڕوسیا و، ئامادەبوونی لە بۆنە و مەراسیم و، ناوەندە گرنگ و هەستیارەکان.

لێرەدا سەرۆک ڕۆڵی کاریگەرو باڵای هەیە، بەهۆکاری ئەو دەسەڵاتە زۆرو فراوانانەی کە لە دەستوردا پێی دراوە، وایکردووە ڕەهەندەکانی تێڕوانینی بۆ ڕۆڵ و پێگەی ڕوسیا و بەهێزترکردنی ڕەنگ بداتەوە لە ئاراستە و کردەکانی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا، بەتایبەتی سەرۆک تووشی بەربەستی یاسایی و نەیاری نابێتەوە نە لە دەستوور و نە لەلایەن ئۆپۆزسیۆن، چونکە ژیانی حیزبیش لە ڕوسیا لەرووی کێبڕکێکردن خەریکە کاڵدەبێتەوە بەهۆکاری زاڵبوونی پارتیکی دیاری کراو ئەویش پارتی ڕوسیای یەکگرتووە، لێرەدا سەرۆک چەقی پرۆسەی سیاسییە لە هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا، تێراونینی سەرۆکیش بەتایبەتی لە سەردەمی ڤلادیمیر پۆتین، تێروانینی جیهانی بووە، پیش هەموو پرسێک کە لەلای گرنگ بووبێت، پرسی گەڕاندنەوەی شکۆ و مەزنایەتی و پێگەی نێودەوڵەتی بۆ ڕوسیا بووە، ئەمانەش لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکیدا پیادە کراوە و کاری لەسەر کراوە (الاماره، 2009، ص55).

## 3 - فاکتەری جیوسیاسی

لەبەر ئەوەی ڕوسیا خاوەن ڕووبەرێکی خاکی یەکجار فراوانە، خاوەن گەورەترین ڕووبەرە لە ئاست وڵاتانی جیهان، ئەم ڕووبەرە فراوانەش هەڵبەت یەکجار دەوڵەمەندە بە سەرمایەی سروشتی و کانزایی گرنگ، هەروەها ڕوسیا خاوەن (220) ملیۆن هێکتار زەوی کشتوکاڵییە، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن (120) هەزار ڕووبار و نزیکەی (2) ملیۆن دەریاچەیە، هەروەها ڕوسیا دەکەوێتە سەر زۆرێک لە کەنار دەریای گرنگی بازرگانی. سەرەرای دەریچەی زەریایی گرنگ و هاوشێوەی زەریای هێمن (حسین، 2018، ل424).

بە هۆکاری ئەوەی ڕوسیا دەکەوێتە نێوان هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا، پێگەیەکی جیۆسیاسی گرنگی بۆی دەستەبەر کردووە، لەرووی ڕووبەرەوە، ڕوسیا بە گەورەترین وڵات لە جیهان دادەنرێت کە دوو ئەوەندەی ڕووبەری ئەمریکا یان چینە، هەروەها پینج ئەوەندەی هیندستان و حەفتا هیندەی بەریتانیایە. ئەو ڕووبەرە فراوانەی ڕوسیا لە ڕاستیدا لە مێژووی پەیوەندییەکانی دەرەکیدا لە کاتەکانی ئاشتی و جەنگیشدا ڕەگەز و فاکتەری بەهێز بوونە بۆ ڕوسیا، کە هەڵبەت ڕەهەندێکی ئەرێنی ئاسایشی بۆی دەستەبەر کردووە، بەتایبەتیش لەرووی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانیەوە (الشیخ، 2010، ص26).

ئەم فاکتەرە بەهێزە (مقومات) جوگرافییە جیۆسیاسییانە، وای لە دەسەڵاتی تازەی ڕوسیا کردووە، کە ئەولەویاتی سیاسەتی دەرەکیان بە پشتبەستن و لەبەرچاوگرتنی ئەو پێدراو و ڕەگەز و توخمە جیۆسیاسیانە داتاشن ، لەجیاتی پیدراو و ڕەگەزی ئایدیۆلۆژی، کە کاریگەری هەبوو لەسەر

بوونیادی سیاسەتی دەرەکی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، چونکە سەرکردایەتی تازەی ڕوسیا زۆر گرنگی دەداتە ئەم فاکتەرە جیۆسیاسیە جوگرافیاییە بۆ داتاشین و دارشتنی ستراتیژییەتی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا بەو پێیەی ڕوسیا دڵی جیهانی ئوراسیایە.

### 4 - فاکتەرە ئابوورییەکان

ڕوسیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە خاوەن زۆرترین بەروبووم و دەرامەتە سروشتییەکانە، هەروەها بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهانیش دادەنریت، سەرباری ئەوەی کە خاوەن حەوتەمین یەدەگی نەوتی جیهانە، کە مەزەندە دەکرێت بە (50) میلیار بەرمیل. هەروەها دووەم بەرهەمهێن و هەناردەکاری نەوتیش لە سەر ئاستی جیهاندا، ڕۆژانە نزیکەی (8) ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت و، (3) میلیۆنی لێهەناردە دەکات (الزعبی، 2004، ص100).

لەلایەکی ترەوە ڕوسیا بە دەوڵەمەنترین دەوڵەت دادەنریت، کە خاوەنی یەدەگی گازی سروشتی یە، نزیکەی (55) تریلیۆن مەتر سیجا لە گازی سروشتی هەیە، کە دەکاتە (35%) لە یەدەگی هەموو جیهان لە گازی سروشتی. لەپاڵ نەوت و گازدا ڕوسیا خاوەن چەندین کانزایتری گرنگی وەک ئاسن، نیکل، ئەڵماس، فۆسفات، زیڕ و زیوە. تەنانەت خاوەنی بەرهەمە دارییەکانیشە، هەروەها لە گۆرەپانی کشتوکاڵیشدا خاکی زۆر گەورە و فراوانی هەیە، هەموو جۆرەکانی دانەوێلە و بەرهەمە خۆراکییەکان دەچێندرێت و هەناردە دەکرێت (الامارە، 2009، ص15-16).

ئەگەرچی ئابووری ڕوسیا لە قۆناغی سەرەتایی ئەم دەوڵەتە، واتا پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران تووشی گرفت و قەیرانی زۆر بوویەوە، دەوڵەت کەوتە ژێرباری قەرزی زۆرەوە، بەڵام لە سەرەتایی سالآنی 2000 لەگەڵ دانانی پرۆگرامی چاکسازی ئابووری و دارایی کە لەلایەن پۆتین و دەستەکەی جێبەجێکرا، زیاتر بەرەو کەمکردنەوەی هاوردەکان دەستی پێکرد. لەگەڵ زیاترکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی ناوخۆی، فراوان کردنی بازنەی هەناردەکردنی گازی سروشتی و نەوت بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی دووبارە ئابووری ڕوسیا بکەوێتەوە سەرپێی خۆی و داهاتی تاکەکەس ڕوو لە هەڵکشان بکات و، خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان دەستەبەربکرێت و داهاتی نیشتمانی ڕوسیا زیاد بکات، بەگشتی حکومەتەکەی پۆتین جەختی لە پێکەوەگرێدانی گەشەپێدانی بازاڕ و گەشەسەندنی ئابووری ڕوسیا دەکردەوە ( Sakwa, 2002, p.279).

ڕوسیا وزە وەک ئامرازێکی کاریگەری سیاسەتی دەرەکی بەکاردەهێنێت بۆ بونیادنانەوەی هێزی خۆی و دروستکردنی فشار لەسەر وڵاتانی ئەوروپایی، لە کاتی پێویستدا. ڕوسیا دووەمین وڵاتە لە جیهاندا لە ڕووی هەناردەکردنی گاز کە گەورەترین بازاڕی ئەم وزەیە وڵاتانی ئەوروپایە. لاتیڤیا، سلۆڤاکیا، فینلەندا و ئیستۆنیا (100%) پشت بە گازی ڕوسیا دەبەستن. چیک، بولگاریا و لیتوانیا (80%) و، یۆنان و نەمسا و هەنگاریا (60%) و، نیوەی گازی ئەڵمانیا لەلایەن ڕوسیاوە دابیندەکرێت، بۆیە دەیەوێت ئەم توانایيەی بۆ بەدیهێنانی ئامانج و پاراستنی بەرژەوەندییە دەرەکییەکانی بەکاربخات (مارشال، 2017، ل40-41).

## 5 - فاکتەری سەربازی و ستراتیژی

ڕوسیا بە تایبەتیش لە قۆناغی (یەکێتی سۆڤیەتی جاران) بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە، ئەو هێزە سەربازییە بوو، کە هاوشانی ئەمریکا کێبڕکێی لەسەر ڕۆڵ و پێگەی هەژموونکردنی دەکرد، بگرە لەرووی چەکی تەقلیدی و ژمارەی سوپا لە ئەمریکاش بەهێزتر و گەورەتر بوو. ڕوسیا لەپاش هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەتی جاران سووپای سوور و یەکە ئیداری و سەربازییەکانی لە دەست مایەوە، هەروەها بەشێکی زۆر لە دامەزراوە ئاسمانی و ئەکادیمییەکانی وەک دامەزراوەکانی بەرنامەی ئاسمانی کەوتەوە بندەست، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆر لە کۆگا و عەمبار و جبەخانە ئەتۆمییەکانی چەکی ئەتۆمی بۆ مایەوە. هەروەها سەفارەتی نوێنەرایەتی وڵاتانی جیهانی لە یەکێتی سۆڤیەت کە کەوتبووە پایتەختی یەکێتییەکە (مۆسکۆ) لە دوای دروستبوونی فیدراسیۆنی ڕوسیا ، وەک خۆیان مانەوە (ماتیوز، 1384، ص117). هەروەها ڕوسیا عەمبارێکی چەک و تەقەمەنی و بەتایبەتیش چەکی ئەتۆمی وەک میرات بۆ مایەوە لەسەدا (%90) لەتوانا ئەتۆمیەکانی بۆ مایەوە، (%85) لە هێزەکانی دەریایی بۆی مایەوە، (%85) لەهێزەکانی وشکانی، (%80) لە مووشەکە کیشوەربڕەکان، (%100) لە کەشتییە ئەتۆمی ژێر دەریاییەکان، وە زیاتر لە (16) هەزار کلاوەی ئەتۆمیش (محمود، 2007، ص125).

هەرچەندە ئەو دۆخەی ڕوسیا ی تێکەوتبوو لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو قەیرانی ئابووری و پشێوی ناوخۆی، مەسەلەی گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردن کە بێگومان ئاسەواری خراپی کردبووە سەر کەرت و دامەزراوەی سووپای و سەربازی ڕوسیا، بەتایبەتیش دۆخی ڕاوەستان و پاشەکشەیی کۆمپانیاکانی چەک و هەناردەکردنی چەک بەهۆی لاوازی پیشەسازی سەربازی، کە کاری کردبووە سەر باری ئابووری دەوڵەت (باییف، 2010، ص218-235)، بەڵام لەدوای ڕیفۆرمی ئابووری و چاکسازییەکانی کەرتی سوپا و دووبارە ڕێکخستنەوەیان لەدوای ساڵی (2000)، وەک وەرچەرخانێک بوو بۆ دامەزراوە و کەرتی سوپای دەوڵەتی ڕوسیا بۆ ئەوەی دووبارە پێبنێتەوە نێو گۆرەپانی نێودەوڵەتی و ببێتەوە بە یەکێک لە گەورەترین و بەهێزترین سووپاکانی جیهان (النائلی، 2017، ص 87).

بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی و فرۆشتنی چەک، وەک سەرچاوەی داهاتی نیشتمانی بۆ دەوڵەتی ڕوسیا ژمێردراو و، داهاتی ساڵانەی نەتەوەیی وەک ئامرازێکیش بۆ پتەوکردنی هەڵی ڕوسیا بۆ گێڕاندنەوەی ڕۆڵ و پێگەی نێودەوڵەتی لە گۆرەپانی جیهانی، سوودی لیوەردەگرێت. ڕوسیا ئەمڕۆ دووەم دەوڵەتی جیهانە لەدوای ئەمریکا لەپرسی فرۆشتنی چەک بە وڵاتانی جیهان، ڕوسیا ئەمڕۆ لەدوای ئەمریکا دووەم دەوڵەتە لە ڕووی هێزی سەربازی لە جیهاندا (خیرالدین، 2009، ص475).

## تەوەری دووەم: لەمپەرەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا

دیارە سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا پاش لێکترازان و هەڵوەشانەوەی سۆڤییەتی جاران، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم ڕووداوە گەورەیە لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، لەو ساتەوە سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا دیارە هەڵبەز و دابەزی زۆر بەخۆیەوە بینیووە، تا بگاتەوە ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، بەڵام سەرباری گشت هەوڵەکانی لەم پێناوەدا لە ڕابردوو لە ئێستاشدا، ئەو وڵاتە دووچاری کۆسپ و لەمپەرگەلێک بووەتەوە کە

وەک ئاڵینگاری دادەنرێت لە بەردەم سیاسەتی دەرەکییەکەیدا لە ئاستەکانی سیاسی، ئەمنی، ئابووری، لە هەردوو ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی. ئەگەرچی لە ماوەی نزیکەی ئەو سی ساڵەی دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤییەتی جاران تا رادەیەک توانراوە بەشێک لە ئاڵینگاری و کێشەکان تێپەڕێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئاڵینگاری و ئاستەنگی گەورە و کەمەرشکێن لەبەردەم سیاسەتی دەرەکی روسیا ماون، کە هەڵبەت ئەگەر سیاسەتمەدارانی روسیا لە ئێستا و ئایندەدا، کاری جیدی لەسەر تێپەڕاندنی نەکەن ئەوە دواجار هەڕەشە و مەترسی راستەقینەی بۆ رۆڵ و پێگەی روسیا لە ئاست سیاسەتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دێننە پێشەوە.

## کۆسپ و گرفتەکانی ( ئاڵینگارییەکانی ) بەردەم سیاسەتی دەرەکی روسیا

دیارە کۆسپ و تەگەرە و ئاڵینگارییەکانی بەردەم ستراتیژییەتی باڵای سیاسەتی دەرەکی روسیا لەگەڵ ئەوەی زۆر و فرە رەهەندن، دیارە لە ئاستی جیاوازیشدا دەردەکەون: لێرەدا هەوڵدەدەین لە سەر سێ ئاست ئاڵینگارییەکان بخەینەروو:

### یەکەم : ئاڵینگارییەکان لە ئاستی ناوخۆیی روسیا :

1. ئەو بنەما و پرەنسیپ و رەفتارە سیاسییانەی کە ئێستا لە سیاسەتی دەرەکی روسیا بەدیدەکرێن کە روسیای هەڵساندۆتەوە بۆ ناو کایە و گۆرەپانی نێودەوڵەتی بە خەسڵەتی هێز و خۆسەپاندنەوە، لەڕاستیدا پەیوەستە بە دۆکترینی سەرۆک پۆتین، واتا زیاتر ئەو رەفتارانەی روسیا نزیکە لە ویست و بیروباوەڕی سیاسی تاکەکەسی سەرۆک پۆتین. لە دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات پۆتین هەوڵیدا هێزی دەوڵەت لە دەستی خۆیدا کۆبکاتەوە و کۆنترۆڵی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بکات، بەتایبەت راگەیاندنەکان. هەروەها پۆتین هۆکارێکی سەرەکی یەکگرتوویی کۆمەڵگەی روسی بوو لەگەڵ ئەوەشدا پۆتین بە لێهاتوویییەوە سوود لە خاڵە لاوازەکانی وڵاتانی رۆژئاوا دەبینێت (اونتیوروس، 2018).

سەرەڕای ئەوەی روسیا لە ئێستادا میتۆدیکی دیاریکراوی هەیە لە سیاسەتی دەرەوەیدا، بەڵام رەنگە گرەنتی نەبێت کە سیاسەتی دەرەکی روسیا هەمان میتۆد و پیداگری و رەفتار بنوێنێت لەقۆناغی دوای پۆتین.

2. روسیا تەواو هەژارە بەچەکی باو و ویستراوی ئەم سەردەمەی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەویش چەکی (هێزی نەرمە) لە راستیدا ئایدیۆلۆژیا، بەها، زمان، کولتوور و شارستانییەتی روسیا هەمان هێزی شارستانیەتی رۆژئاوایی نیە. لە بەرامبەر بەها و نۆرمە رۆژئاواییەکانی وەک دیموکراسی، دادپەروەری، ئازادی و تاکگەرایی، روسیا کێشەی نەبوونی بەها جیهانییەکانی هاوشێوەی رۆژئاوا هەیە، تاوەکو بتوانێت بۆ وڵاتانی جیابووەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ئەوروپا و ناوچەکانی تری جیهان پێشنیاری بکات (زادوخین، 1384، ص251).

3. لەڕاستیدا ئەو رۆڵەی ئێستای سیاسەتی دەرەکی روسیا کە هەڵبەت ریسک و سەرکێشی و پەلەپەلە بۆ هەرچی زووتر هاتنەوە نێو مەیدانی گۆرەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی وەک زلهێزێک، پێویستی بە بوونیاد و ستراکچەری ئابووری بەهێز هەیە، کە رەنگە تەحەمولی ئەو هەموو سەرکێشی و ریسکەش نەکات، بەتایبەتی دوای ئەو فشار و ئابلوقە

ئابوورییانەی کە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە خراونەتەسەری و هۆکارێک دەبن بۆ لاوازبوونی ئابوورییەکەی، لە کاتیکدا مێژووی نوێ پێمان دەڵێت سۆڤیەتی پیشووش سەرەتا بەرووخانی ئابووری دەستی پێکرد (پرتانسکی، 1396).

4. یەکێک لە پایەکانی سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەکی هەر وڵاتیک پاڵپشتی ئابووری و هێزی ناوخۆیی و تۆکمەبوونی کۆمەڵگا و دامەزراوەکانیەتی، دیارە وەک باسمان کرد ئابووری ڕوسیا بەرگەی ئەو هەموو ریسک و سەرکێشیانە ناگریت کە لە سیاسەتی دەرەکیدا ئەنجام دەدرێن سەرەڕای بوونی نەیار و ئۆپۆزسیۆن بۆ بەشێک لە بەرنامەکانی سیاسەتی دەرەکی، سەرەرای بوونی گەندەڵی لە ئیدارە و دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانی ئەم دەوڵەتە.

**دووەم : ئاڵینگارییەکان لەسەر ئاستی هەرێمیدا:**

1 – لە ماوەی جەنگی سارد وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو وێنایەی بۆ ڕوسیا دروست کردبوو لە ئەورووپای ڕۆژهەلات، کە مەترسییەکی جدی و گەورە بێت لەسەر شارستانیەتی ڕۆژئاوایی و، وابەستەبوونیانی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە کردبوو بە بابەتیکی ستراتیژی و ئەمنی پێویست . بۆیە، دوای کۆتایهاتنی جەنگی ساردیش وڵاتانی ئەورووپی هیشتا ئەو ترسەیان لە ڕوسیا هەیە. یەکێک لە کێشەکانی ئێستای ڕوسیا هەمەجۆرییە لە بەها و نەبوونی ئایدیۆلۆژییەکی گشتگیر و یونیڤیرساڵ، کە بتوانیت دزە بکاتە نێو ئەورووپای ڕۆژئاوایی و هەژموونی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا کەمبکاتەوە، بەبێ چوونە نێو ململانێیەکی سیاسی، سەربازی و چەکداری هاوشێوەی ماوەی جەنگی سارد (زادوخین، 1384، ص248-249).

2 – دەوڵەتی ڕوسیا، لەڕاستیدا باجی هەڵەکانی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران دەدات، کە سیاسەتێکی ویستراو و خوازراوی نەبووە، هەروەها لەم سەدەی نوێ بە هەمان شیوە بەتایبەت لەپرسی پشتکردن لە هاوپەیمانەکانی لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، پشت کردن لە عێراق، هەروەها لە لیبیا. بێ ئومێدکردنی هاوپەیمانەکانی لەبەرامبەر ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی.

3- دەسترانەگەیشتن بە ئاوە گەرمەکان یەکێکیترە لە بەربەستەکانی بەردەم زیندووکردنەوەی ڕوسیا وەک زلهێزێکی جیهانی خاوەن هەژموون. بەندەرە ئاوییەکانی ڕوسیا ساڵانە بۆ چەند مانگیک بەهۆی سەرماوە دەیبەستن و چالاکییە بازرگانییەکانی ئەو وڵاتە سنوردار دەکەن، بۆ نموونە گەورەترین بەندەری ڕوسیا لە ئۆقیانووسی ئارام (ڤلادیڤۆستۆک) چوار مانگ لە ساڵیکدا دەیبەستێت، کە جگە لە بازرگانی، هێزی دەریایی ڕوسیاش ڕووبەڕووی گرفت دەکاتەوە کە وەک هێزێکی جیهانی کاریگەر بتوانی جوڵە بکات (مارشال، 2017، ل25).

4 – یەکێکیتر لەو ئاستەنگ و تەحەدیانەی بەردەم سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا مەسەلەی بوونیادنانەوەی هەژموونە، بێگومان بوونیادنانەوەی هەژمونی ڕوسیا سنوور و چوارچێوە گرنگەکەی دەبێت وەک دەستپێک لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بێت، بەلام بە پیچەوانەوەی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت، ڕوسیا توانایی بوونیادنانی هەژموونی نیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، دووری سنوری لە ناوچەکە وایکردووە کە تەنیا هەوڵی هەستان بە ڕۆڵی دێرینەیی خۆی بدات، کە ئەویش خۆی لە فرۆشتنی

چەک و کردنەوەی بازاڕی نوێ بۆ کۆمپانیا وزەییەکانی دەبینێتەوە (سهرابی، 1393، ص131).هەروەها یەکێک لە بەربەستەکانیتری ڕوسیا بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانێتی لەگەڵ دوو وڵاتی زلهێزی ناوچەیی ئەوانیش ئێران و تورکیایە.

5 – بوونی مەترسی و هەڕەشە لەسەر خاک و ئاسایشی نیشتمانی دەوڵەتی ڕوسیا بەتایبەت لەناوچەی قەوقاز و ناوچەکانی دەوروبەری ڕوسیا، کە خەریکە تیرۆری گروپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان زۆر نزیک لە سنوورەکانی تەشەنە دەکات، بەتایبەت لە دوای دروستبوونی قەیرانەکانی سوریا و بەهێزبوونی گروپە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان لەو وڵاتەدا، کە بەشێکیان هاوڵاتی ڕوسیا و ناوچە موسڵمان نشینەکانی ئەو وڵاتە بوون (اصفهانی و سیف ابادی، 1394، ص211).

## سێیەم : ئاڵینگارییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا

1 – یەکێک لە ئاڵینگارییەکانیتر بەکارهێنانی فشاری نێودەوڵەتییە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی، بە مەبەستی ڕێگری لە بەهێزبوونی زیاتری ڕوسیا و پێشگیری لە دروستکردنی مەترسی و هەڕەشە لەسەر ئاسایشی جیهانی. ڕوسیا لە هەوڵەکانی بۆ جێگیرکردنی هەژموونی جیهانی خۆی بەردەوام دەبێت تا کاتێک لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە وڵام دەدرێتەوە. مەرج نیە ڕووبەڕووبوونەوەکان سەربازی بن، بەڵکو دەکرێت ڕوسیا لە ڕێگەی ئابلوقەدانی ئابووریەوە بخرێتە ژێر فشار و سنورێک بۆ مەیلە فراوانخوازییەکانی دابنرێت (Giles, 2017.pp.38-39).بێشک ئەگەر گەمارۆکانی ئێستای سەر ڕوسیا درێژەیان هەبێت ئەوا کاریگەری خراپ و شوێنەواری نەرێنییان دەبێت لەسەر ئایندەی ئەجیندا و ستراتیژیەتی دەرەکی ئەو وڵاتە.

.

2 – بێ ئومێدکردنی هاوپەیمانەکانی، لەکاتەکانی پێشوودا، وە لە ئێستای سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، پشتگیری ئاشکرا و ڕوونی هێزە دەرچووەکان لە عورف و یاسا نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی جیهانی عەرەبی لەدوایساڵی 2011 بەتایبەتیش لەپرسی پشتگیری کردن لە ڕژێمی سووریا، لە هاوپەیمانی ستەمکارێکی وەک بەشار ئەسەد، ئێستا بووەتە هاوبەشی بەشێک لە تاوانە مرۆییەکانی ئەو وڵاتە.

3 – هەموو ستراتیژیەت و بنەماکانی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان، لەڕاستیدا تووشی بەرکەوتن دەبێت لەگەڵ ستراتیژیەتی زلهێزیک بەقەبارەی ئەمریکا کە بێگومان تەحەدی ڕاستەقینەیە بۆ سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا هەم لە ئێستادا و هەم لە ئایندەشدا، ئەوە بۆ ئەمریکاش ڕاستە. وەک ئاشکرایە، لە بەرژەوەندی ڕوسیادا نیە بەهیچ شێوەیەک خۆی لەقەرەی بەرەی بەرهەڵستکاری ستراتیژی ئەمریکا بدات، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، ئەویش بەهۆی خاوەنداریتی ڕوسیا لە چەکی ئەتۆمی، کە دەتوانێت جەنگێکی وێرانەکەر لە نێوان ئەو دوو زلهێزە بهێنێتە ئاراوە. لەبەرامبەردا، چەندین پرسی گرنگ و هەستیار هەن کە کۆیان دەکاتەوە لەوانە پرسی بەگژداچوونەوەی تیرۆر، پرسی ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم و ڕێگری کردن لەوەی کە بکەوێتە دەست گروپ و ڕێکخراوە توندڕەوەکان، سەرەرای پرسی ئابووری و

بازرگانی نێودەوڵەتی دەبێ هەموو ئەمانە لەبەرچاو بگرێت بۆ سەلامەتی ڕاگرتنی ئاسایشی نیشتمانی خۆی ( Allison and Blackwill, 2011, p.9).

لە ڕاستیدا، بوون بە جەمسەرێکی سیاسی نێودەوڵەتی بۆ ڕوسیا هەوڵێکە کە چەندین لەمپەر و بەرستی لەبەردەمدایە، بۆ ڕوسیا ئاسان نیە کە هاوشێوەی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو جەمسەر و ناوەندێکی سیاسی کاریگەر بێت لەسەر گشت پرسە نێودەوڵەتییەکان. بۆیە لە ئێستادا هەوڵەکانی خۆی لە ناوچەیەکی هەرێمی دیاریکراو خستۆگەڕ کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ڕەنگە ئەوەش باشترین دەرفەت بێت بۆ گەڕانەوە بۆ نێو هاوکێشە سیاسییە نێودەوڵەتیەکان و دارشتنەوەی ئەو ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتیانەی کە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕێکدەن.

## دەرئەنجامەکان

هەلبەت ڕوسیا وەک ئاشکرایە میراتگری سۆڤیەتی جارانە، خاوەن هێزێکی عەسکەری و ئابووری گەورە بووە سەرەڕای خاوەنداریەتی جبەخانەیەکی زەبەلاحی چەکی قورس و ناوەکی لە پال وەرگرتنەوەی کورسی بەردەوامی ئەنجومەنی ئاسایش و مافی ڤیتۆ، ئەمانە هەمووی پیدراو و فاکتەری بەهێزن بۆ ئەوەی ببنە هەوینی دارشتنی ستراتیژیەتی بالای نشتیمانی- جیهانی بۆدووبارە گەڕاندنەوەی ڕۆلی جەمسەر بوونی کارتیکردنی لە کارلێکەکان جیهانی .

بۆ مان دەرکەوت کە ڕوسیا هەر لە سەرەتای هەلوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران ستراتیژی دوور مەودای بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە ستراتیژیەیی دارشتووە بە جۆرێک لە دەیەیی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو خەریکی ریکخستنی دامەزراوەیی و پتەوکردنی ئابووری و بونیادی پەیوەندی دبلۆماسی دەرەکی تۆکمە بووەلەگەل ولاتانی ئەوروپا .

ئەمەش بە قۆناغی ریکخستنەوە دادەنریت و دواتر قۆناغی دارشتنی ستراتیژیەتی بالای جیهانی دەستی پیکردووە، پاشان وەگەرخستنی توانا و پیدراوە ئابووری و عەسکەری و دبلۆماسیەکان لە پێناو گەڕاندنەوەی رۆل و شکۆمەند و کاریگەری جەمسەر بوون لەسەر گۆرەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەویش سەرەتای دەرکەوتنی لە سالی 2008 بووە کە سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا بە تۆکمەیی و هێز و دەرکەوت لە کۆمەڵێک ویستگەو قەیراندا بەتایبەت لەجەنگی جۆرجیاو جولاندنی هێزی سەربازی و پاشان لە داگیرکردنی نیمچە دوورگەی کریمیا و، هەموو ئەو بەرهەڵستکاریانەی لە ناو ئەنجوومەنی ئاسایش نواندوویەتی دژ بە پرۆژە و بریارەکانی ولاتانی رۆژئاوا لە پیش هەمووشیانەوە ئەمریکا .

هەموو ئەو جولە و ئەکتیڤ کردنانەی سیاسەتی دەرەکی ڕوسیا لە ڕاستیدا پەیوەست بووە بە دوکترین سەرۆک پۆوتین، کە لە سەرەتای دەست بەکاربوونیەوە ئەوە ئامانجی بووە کە ڕۆڵی دەرەکی ڕوسیا ئامادەبووی کارای لە سیاسەتی جیهان بگەڕێنێتەوە و دووبارە هاوسەنگی ستراتیژی جیهانی دەستەبەر بکاتەوە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاراکتەرێکی کارا بێت لە سیاسەتی جیهانی و گشت پرسەکان لەئابووری جیهانی تا تیرۆری جیهانی بەلام لەگەل هەموو ئەمانەشدا ئاسان نییە ئەم ڕۆڵە.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان

### کتێبەکان

1. پـۆلاک، دەیڤیـد و دووگـین، ئەلیکسـاندەر و ئــــەوانیتر (2017). کوردســـــــتان دوای ئۆپەراسـیۆنی رەققە، چاپخانەی کوردسـتان، سلیمانی.
2. حسین، د. شمال (2018). سیاسەتی دەرەکی، چاپی دووەم، کتێبخانەی التفسیر، هەولێر.
3. دۆگین، ئەلیکساندر (2017). تیۆری چوارەمی سیاسەت، و. وریا غەفوری، چاپخانەی حەمدی، سلیمانی.
4. مارشال، تیم (2017). زیندانییەکانی جوگرافیا، و: د. شیرکۆ عەبدوڵا، چاپخانەی شڤان.
5. مەنتک، د. کامەران (2017). دارمان و بەکۆتا هاتنی ئیمپراتۆریای ئەمریکی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان

### کتێبەکان (Books)

1. Sakwa, Richard (2008). Putin: Russia's choice, 2ed, New York, Routledge.
2. Sakwa, Richard (2002). Russian Politics and Society, Third Edition, New York, Routledge.

### توێژینەوەکان (Researches)

1. Allison, Graham and Blackwill, Robert D. (2011). Russia And U.S. National Interests Why Should Americans Care?, Center For The National Interest (Washington) And Belfer Center For Science And International Affairs (Harvard University), United States.
2. Giles, Keir (2017). The Turning Point For Russian Foreign Policy, United States , Strategic Studies Institute And U.S. Army War College Press.
3. Hendenskog, jakob, konnander, vilhem and others (2005). Russia as a Great Power: Dimentions of Securety under Putin, New York, Routledge.
4. Tsygankov Andrei P. (2005) Vladimir Putin's Vision of Russia as a Normal Great Power, Post-Soviet Affairs, Volume 21.

### وتار و راپۆرت (Article and report)

1. BBC (2018). Syria: Does Russia always use a veto at the UN Security Council?, http://www.bbc.com/news/world-43781954. Accessed 15 june 2018
2. kremlin official site (2007). Speech and the Following Discussion at the Munich Conference on Security Policy, http://en.kremlin.ru/events/president/transcripts/24034. Accessed 19 june 2018
3. Kubicek, Paul (2009). The Commonwealth Of Independent States: An Example Of Failed

Regionalism?, Review of International Studies; London Vol. 35, Iss. S1.

## دەستور (Constitution)

1. Russian Federation's Constitution of 1993 with Amendments through 2008.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

## کتیبەکان (الكتب)

1. الامارة، لمى مصر (2009) المتغييرات الدتخايه والخارجيه فى روسيا الاتحادية وتاثيرها على سياستها تجاه منطقه الخليج العربى خلال فتره من 1990 الى 2003، الطبعه الاولى، مركز دراسات الوحده العربيه، بيروت.
2. بابيف، بافل (2010). القوه العسكريه وسياسه الطاقه: بوتين والبحث عن العظمه الروسيه، مركز الامارات للبحوث والدراسات الاستراتيجية، الامارات العربيه المتحده.
3. حسين، شمال (2018). السياسه الدوليه بين الفوضى والنظام، الطبعه الاولى، دار الوفاء القانونيه، مصر.
4. خيرالدين، شمامه (2009). العلاقات الاستراتيجية بين قوى المستقبل فى القرن 21، دار قرطبه للنشر والتوزيع، الجزائر.
5. الزعبى، موسى (2004). الجيو سياسيه والعلاقات الدوليه، ابحاث فى الجيوسياسية وفى شوؤن العلاقات الدولية، منشورات وزاره الثقافة، دمشق.
6. الشيخ، نورهان (2010). السياسة الروسية تجاه الشرق الاوسط فى القرن الحادى والعشرين، مركز الدراسات الاوروبية، القاهره.
7. النائلى، عناد كاظم حسين (2017). روسيا الاتحاديه ومستقبل التوازن الاستراتيجى العالمى. الطبعه الاولى، الدار العربيه للعلوم ناشرون، بيرو.
8. نعمه، كاظم هاشم (2013). روسيا فى السياسه الاسيويه بعد الحرب البارده، دار امنه للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.
9. نومكين، فيتالى (2008). العلاقات الروسيه مع اوربا والولايات المتحده الامريكية: انعكاسات على الامن العالمى، مركز الامارات للدراسات والبحوث، ابو ظبى.

## توێژینەوەی زانستی (البحث العلمى)

1. الاصفهانى، نبيه (2000). المباديئ الاساسية للسياسة الخارجية الروسية، مجله السياسة الدولية، العدد 142، مركز الاهرام، القاهره.
2. شلبى، امين (2010). من الحرب البارده الى البحث عن نظام دولى جديد، مجلة السياسة الدولية، العدد (379) مركز الاهرام، مصر.
3. محمود، احمد ابراهيم (2007). الصناعات العسكرية الروسية ، تدعيم الاقتصاد والمكانة الدولية، مجلة السياسة الدولية، العدد ( 170 ) مركز الاهرام ، القاهره.
4. نصار، وليم (2008). روسيا كقوه كبرى، المجله العربيه للعلوم السياسيه، العدد ( 20 ).
5. يوسف، ايمن طلال (2008). روسيا البوتينيه: بين الاوتوقراطيه الداخليه والاولويات الجيوبولتيكية الخارجة، مجلة المستقبل العربى، العدد(358) ، بيروت.

## نامەی ماستەر (رساله ماجستير)

1. شحيل، احمد حسين (2000). السياسه الخارجيه الروسيه فى منطقه الشرق الاوسط، رساله ماجستير ، جامعه بغداد.

## سەرچاوە فارسییەکان

## کتیبەکان (کتاب ها)

1. زادوخـــين، أ. گ. (1384). سياســـت خـــارجی روسيه: خود اگاهی و منافع ملی، ترجمه: د.مهدی سنايي، چاپ و صحافی باقری، تهران.
2. زارعی، معصومه (1391). سیاست خارجی روسیه در قبال اتحادیه اوروپا در دوران پوتین، انتشارات کتاب اوا، تهران.
3. كولايی، الهه (1392). سياست و حكومت در فدراسیون روسيه، وزارت امور خارجه، مرکز اموزش و پژوهش های بین الملل،چاپ سوم، تهران.
4. ماتيون، جان ار. (1384). ظهور و سقوط اتحاد شوروى، ت. فريد جواهركلام، انتشارات ققنوس، چاپ سوم، تهران.
5. نورى، عليرضا (1389). سياست خارجى روسيه در دوره پوتين "اصول و روندها"، مركز مطالعات راهبرد بين الملل، تهران.

## توێژینەوەی ئەکادیمییەکان (تحقیقات أكادمى)

1. اصفهانی، عليرضا سميعی و سيف ابادی، محسن شفیعی (1394). ایندە گروهک های تکفیری و راه کارهای ثبات بخش دولت سوریه و عراق، پژوهش های راهبردی سیاست، سال چهارم، شماره14.
2. سهرابی، محمد (1393). سیاست خارجی روسیه در خاورمیانه، پژوهشنامه روابط بین الملل، دوره (7)، شماره (25).
3. شيرازى، حبيب الله ابوالحسن و بهبود نژاد، قدرت الله (1395). تغير رويكرد پوتين و سياست خارجى نوێن روسيه، مطالعات اوراسياى مركزى، دوره (9)، شماره (1).
4. شيرازى، حبيب اله ابو الحسن (1395). مطالعه تطبيقى سياست خارجى روسيه در دوران پوتين و مدودف، فصلنامه مطالعات روابط بين الملل، سال نهم، شماره 33.
5. عابدی، عفیفه (1388). سیاست خاورمیانه ای روسیه، فصلنامه راهبرد، سال هجدهم، شماره(51).
6. معزی، امین دیلمی (1389). سیاست خارجی روسیه در خاورمیانه در دهه اول قرن یست و یکم، دوفصلنامه ایراس، سال پنجم، شماره (6).
7. مقدم، سجاد بهرامی و ستوده، علی اصغر (1393) مناظرەهای هویتی و تحول سیاست خارجی روسیه، پژوهش نامه ایرانی سیاست بین الملل، سال دوم، شماره2.

## وتار و ڕاپۆرتەکان (مقاله و گزارش ها)

1. اونتيوروس، اوا (2018). پوتين چطورى پوتين شد، http://www.bbc.com/persian/magazine-43417527
2. **پرتانسکی، الكسى (1396).تحريمهاى جديد غرب و دورنماى اقتصاد روسيه،** موسسه مطالعات ايران و اوراسيا، http://www.iras.ir/fa/doc/article/3357